# خۆشەویستی و  رك

## كامیل ژیر

خۆشمئەوێی
خۆشەویستیی ماسی بۆئاو
خۆشمئەوێی
خۆشەویستیی جەستە بۆچاو
*
ركم لێتە
ركی ئەستووری پیرۆزت
ركی نێوان ئاوو ئاگر
دەمێ دەستی هەڵەی سۆزت
ئەهاویتە دەستێكیتر
*
خۆشمئەوێی
خۆشەویستیی
سۆفی بۆ دیداری  یەزدان
خۆشمئەوێی
خۆشەویستیی
دارئەرخەوان  بۆگۆڕستان
*
ركم لێتە
ركی نێوان دوو خوێنەخوێ
ركم لێتە
ركی هەنگوین لە ترش و خوێ
ساتی گریان یا بۆڵەبۆڵ
بۆزێڕو بۆ سامانی مۆڵ !
ئاخرگیانە
بەو چاوانە
تۆخۆت زێڕی ، خۆت سامانی
بێ بەرگ و زێڕ ،  زیاترجوانی

*

خۆشمئەوێی

خۆشەویستیی

نێوان بت و بتپەرستان

خۆشمئەوێی

خۆشەویستیی

کوردی رەسەن  بۆکوردستان

*

چاوەکانم : لەلای خەڵکی

نەمزڕێنی ،  بڵێی شێتە

بمزڕێنی ،  نەمزڕێنی

هەرچیبڵێی ، رکم لێتە

رکی تینی گڕ لە سەرما

رکی داری گوێز لە خورما

ئەگەر بێتوخۆری نیگات

بە دژکارێکی من بگات !

*

گوڵی دەگمەن،گوڵی پڕ بۆ

بەڕۆژ نێرگز،بەشەو شەوبۆ

خەوی دوارۆژ،گوڕی ئەژنۆ

رکم لێتە ، ئەزانی بۆ ؟

رکیشم هەر بەهایە بۆ

ئەوینی پڕ لە سۆزی تۆ!؟